السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# هەستن با پێشنوێژیتان بۆ بکەم

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «داپیرێکی بەناوی مولەیکە بانگهێشتی پێغەمبەری خودای کرد -صلى الله عليه وسلم- بۆ هەندێک خواردن کە دروستی کردبوو، ئەویش لێی خوارد، وپاشان فەرمووی: «هەستن با پێشنوێژیتان بۆ بکەم؟»، ئەنەس دەڵێت: هەستام وڕایەخێکی خۆمانم بۆی هێنا ڕەنگی ڕەش هەڵگەڕا بوو بەهۆی درێژی ماوەی بەکارهێنانی، ئاوم پرژاند بەسەریدا، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەری وەستا ومن وهەتیوێک لە پشتیەوە وەستاین، وئافرەتە بەتەمەنەکە لە پشتمانەوە وەستا، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دوو ڕکات پێشنوێژی بۆ کردین، وپاشان ڕۆیشت». ولە گێرانەوەی (مسلم)دا: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆ خۆی ودایکی کرد، وئەوی لە لای ڕاستی دانا، وئافرەتەکە لە پشتیانەوە وەستا».

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

مولەیکە -ڕەزای خوای لێبێت- بانگهێشتی پێغەمبەری کرد -صلى الله عليه وسلم- بۆ خواردنێک کە ئامادەی کردبوو، ئەویش چونکە لە ئەوپەڕی سادەیی -تواضع- وڕەوشت جوانیدا بوو، وسەرەڕای ئەوەی چەندێک ڕێزدار وپلەی بەرز بوو لەگەڵ ئەمانەشدا وەڵامی داوەتکردنی هەموو کەسێکی دەدایەوە بچووک وگەورە، پیاو وئافرەت، فەقیر وهەژار، ومەبەستی گەلێک ئامانجی مەزن بوو لە وەڵامدانەوە لەوانەش: بۆ ڕاکێشانی دڵی ئەوانەی بانگی دەکەن بەرەو ئاینی ئیسلام وهەروەها فێرکردنیان، وەڵامی ئەم بانگهێشتەی دایەوە ولە خواردنەکەی خوارد وپاشان ئەم هەلەی بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی تاکە لاوازەکان فێر بکات کە زۆرجار ناتوانن ئامادە بن لە دانیشتنە پیرۆزەکاندا، وفەرمانی پێکردن کە هەستن بۆ ئەوەی پێشنوێژیان بۆ بکات، وفێری چۆنیەتی نوێژ ئەنجامدان ببن، وئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- ڕاخەرێکی کۆنی هێنا کە ڕەش هەڵگەڕا بوو بەهۆی زۆر مانەوە وبەکارهێنانەوە، وبە ئاو شۆردی، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەری وەستا بۆ ئەوەی پێشنوێژیان بۆ بکات، وئەنەس ومنداڵێکی هەتیو لە پشتیەوە ڕیزیان بەست بۆ نوێژکردن، وئافرەتە بەتەمەنەکەش -کە بانگهێشتی کرد- لە پشتی ئەنەس ومنداڵە هەتیوەکەوە وەستا بۆ ئەوەی نوێژ بکات، ودوو ڕکاتی ئەنجامدا، وپاش بانگەوای کرد وفێریانی کرد -صلى الله عليه وسلم- ڕۆیشت، وخوای گەورە مینەت ونیعمەتی خۆی ڕژاندە سەر ئێمە بە شوێنکەوتنی لە وتەکانی وکردەوەکانیدا.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3324

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee